# نموونەی پرسیاری چیرۆک و ڕۆمان / قۆناغی سێیەم (کۆرسی یەکەم)

١. پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە.

١.کاتی ناوەکی ٢. مەنەلۆگی ناراستەوخۆ ٣. کورتیلە چیرۆک ٤. شوێنی ناهۆگر ٥. گێرانەوە

٢. چیرۆکنووس بۆ بنیاتنانی کارەکتەر لە چیرۆکدا سوود لە چەند سەرچاوەیەک وەردەگرێ، باسی بکە.

٣. گرنگی سەرەتا لە چیرۆک و ڕۆماندا چییە؟

٤. بۆچی مێژوویەکی کورت بۆ رۆمانی کوردی تۆمار کراوە؟

**٥. ئەم دەقەی خوارەوە بخوێنەوە و وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە:**

بەردێکی زل بە چیاکەوە روانیە چەم و ئاوێک وتی: خۆزگە خۆم تلۆر ئەکردەوە، بە گرمەگرم ئەچوومە گوێ ئەو چەم و ئاوە!

بەردێکی زلتر: بۆچی ؟

حەز ئەکەم گوێ لە هاژەی ئاو بگرم.

نەکەی، نەخەڵەتێیت، جێگای ئێمە ئەم سەرشاخانەیە، لەگەڵ لێرە ترازاین لە ناو ئەچین.

چۆن ؟ بۆ هەروا خۆڕاییە.

ئا... نا، خۆڕایی نییە، گوێ ئەو چەم و ئاوە هەر ئەوەندەی خۆشە تا دەبێتە لافاو، کە بووە لافاو دەتبات،هەزار گرمەگرم و هاوار هاوار بە پوولێک ناچێت. ئەوەندەت ئەدا بە زەویدا تا شەق و پەقت دەکات. وات ورد دەکات تا ئەتکات بە (لم) وازت لێناهێنێ. کە بووی بە لم ئیتر هەزار سوێند بخوێت، بڵێت من بەردێکی زلبووم بەو شاخانەوە، کەس بڕوات پێناکات.

ئەی چار چییە ؟

چار هەر ئەوەیە بەسەر ئەم شاخانەوە بمێنینەوە، نەترازێین، لەق نەکرێین، تا لێرە بمێنینەوە نابین بە لم.

**أ. ئەم دەقە بە پێی کامە جۆری بگێرەوە گێراوەتەوە ؟**
**ب. کۆتایی چیرۆکەکە چ جۆرە کۆتاییەکە ؟**
**ت. ئایا لەم دەقە دیالۆگ یان مەنەلۆگ بەکار هاتووە ؟ ئەگەر بەکار هاتووە کامە جۆری دیالۆگ و مەنەلۆگ بەکار هاتووە ؟**
**ث. کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەری لاوەکی لەم دەقە دەست نیشان بکە.**
**ج. سەرەتای دەست پێکردنی ڕووداوەکان بە چ شێوەیکە ؟**

٦. بگێرەوەی کەمشتزان چییە؟ پێناسەی بکە؟

٧. یەک پێناسە لە پێناسەکانی چیرۆک بکە.

٨. پێناسەی چیرۆک و پێناسەی حەکایەت بکە و خالی جیاوازی نێوانیان دەست نیشان بکە.

٩. باسی سێ جیاوازی و سێ لێکچوونی نێوان چیرۆک و رۆماندا بکە.

١٠. بۆچی کۆتایی لە چیرۆک و ڕۆماندا گرنگە؟

١١. ضيرؤكنووس بؤ بنياتنانى كارةكتةر لة ضيرؤكدا سوود لة ضةند سةرضاوةيةک وةردةطريَ، باسيان بكة

**١٢. ئەم کورتە چیرۆکەی خوارەوە بخوێنەوە و وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە:**

***لەبەردەم کتێبخانەکە وەستا بوون و سەیری گۆڤار و رۆژنامەکانیان دەکرد. ئەو هاتە لایان لە رۆژنامە فرۆشەکەی پرسی: (ئەرێ کاکە سیروان چی نوێ هاتووە؟) پێش ئەوەی سیروان وەڵام بداتەوە (...) گۆڤارێکی نوێباوی لە دەست بوو دەیخوێندەوە، پیشانی دا و وتی: (ئەم گۆڤارە تازە هاتووە و یەکەمجاریشە بڵاو دەکرێتەوە)، ئەویش یەکسەر وەڵامی دایەوە: ( دەبێ ئەمەشیان نووسینی ئەو برادەرەی تیا نەبێ کە کارگەی نووسینی هەیە؟) پێش ئەوەی (ن) وەڵام بداتەوە،(...) یەکسەر لێی وەرگرتەوە و وتی: (مەبەستتان ئەو برادەرە نییە کە دەمەتەقێیەکیشی لەگەڵ خۆی کردبوو بە ناوێکی تر بڵاوی کردبووەوە؟) (ن) قسەکەی وەرگرتەوە و وتی: (دەنا لەم گۆڤارە نوێیەش دا ئەو برادەرەی تیایە، تێناگەم چۆنی زانی ئەم گۆڤارە دەردەچێ و خۆی گەیاندوەتێ!! بێ شك چەلاوەکەی باشە!؟ گرنگ جۆری نووسینەکە نییە پیاو ماکینەی نووسینی وای هەبێ پەکی ناکەوێ!!) هەرسێکیان بێ ئەوەی ناوی بهێنن لەیەکتر حاڵی بوون بەڵام سیروان کە سەیری بابەتی نووسین و ناوەکانی کرد لە راست وێنەی ناوی ئەو زاتەی بینی و بە پێکەنینەوە وەك ئەوەی ئەویش گرەوەکەی هەلێنابێ گۆڤارەکەی بەکراوەیی لە نووسینەکەی ئەو خستە سەر گۆڤار و رۆژنامەکان. بەسەر سوڕمانەوە پێی وتن: (مادام ئەوەندە دەنووسێ و پاداشتی زۆرە دەبێ کەی قەرزەکانی من بداتەوە!؟)***

**أ. کۆتایی  ئەم کورتە چیرۆکەکە چ جۆرە کۆتاییەکە؟**

**ب. جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی پێکهاتەوە لەم کورتەچیرۆکەدا دەستنیشان بکە.**

**پ. ئەم چیرۆکە بە پێی چ بگێرەوەیەك گێراوەتەوە.**

**ت. شوێنی (لەبەردەم کتێبخانەکە) لە رووی هەبوون و لە رووی هۆگری و لەرووی بەکارهێنانەوە چ جۆرە شوێنیکە؟**

**ج. ناونیشانێك بۆ ئەم چیرۆکە دابنێ.**

١٣. ناوی ٥ چیرۆک و نووسەری ئەو چیرۆکانە بنووسە کە لە پۆلدا خوێندوومانە.

١٤. ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەوە:

ا. (د.عزالدین مصطفی رسول) ______________ بە سەرەتایەکی ساکاری چیرۆکی کوردی دادەنێت.

ب. چیرۆکەکانی قۆناغی ______________ لە رووی زمانی نووسینەوە زمانێکی پەتی و گێرانەوەیەکی هونەری نوێیان هەیە.

پ.لە مێژووی ئەدەبی جیهاندا چیرۆک بەتایبەتی لە لای ______________ و ______________ سەری هەڵداوە و بەرەوپێشەوە چووە.

ت. لە چیرۆکنووسانی قۆناغی شەشەم دەتوانین ئاماژە بە ناوی ______________ بکەین.

١٥. پێناسەی حەکایەت بکە و باسی جیاوازی لەگەڵ چیرۆکدا بکە.

١٦. پێناسەی کاتی پەرەسێن بکە.

١٧. پێناسەی کاتی ناوەکی بکە.

١٨. پێناسەی کاتی دەرەکی بکە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ کاتی ناوەکیدا هەیە.

١٩. پێناسەی کارەکتەری پەرەسێن بکە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ کاتی پەرەنەسێندا هەیە؟

٢٠. چەند جۆر کۆتایی لە چیرۆکدا هەیە بیانژمێرە و باسیان بکە.

٢١. کارەکتەر لە رووی ڕۆڵەوە چەند جۆرە بیانژمێرە و باسیان بکە.

٢٢. کارەکتەر لە رووی پێکهاتەوە چەند جۆرە بیانژمێرە و باسیان بکە.

٢٣. ریز بەند و یەک بەدوای یەک هاتنی رووداو لە چیرۆکدا بە چەند شێوەیە تەنیا ئاماژەیان پێبکە.

٢٤. دیالۆگ چییە؟ چ جیاوازییەکی لەگەڵ مەنەلۆگدا هەیە؟

٢٥. مەنەلۆگ چییە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ دیالۆگدا هەیە؟

٢٦. دیالۆگ چییە؟ چەند جۆری هەیە؟ بیانژمێرە و یەکێکیان باس بکە.

٢٧. مەنەلۆگ چییە؟ چەند جۆری هەیە؟ بیانژمێرە و یەکێکیان باس بکە.

٢٨. بگێرەوە چییە و چەند جۆری هەیە؟

٢٩. بگێرەوەی هەمووشتزان چ جۆرە بگێرەوەیکە ؟ باسی بکە.

٣٠. ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەوە:

ا. لە چیرۆکنووسانی قۆناغی چوارەم دەتوانین ئاماژە بە ناوی ________________ بکەین.

ب. ________________ سەرەتای چیرۆکی کوردی بۆ چیرۆکی (مەم و زین)ی مەلا مەحموودی بایەزیدی دەگەڕێنێتەوە.

پ. چیرۆکی هونەری لە جیهاندا لە ________________ سەریهەڵدا و ________________ یەکەم چیرۆکنووسە کە بە شێوەیەکی هونەری چیرۆکی نووسیوە.

ت. لە قۆناغی ________________ بایەخی چیرۆکنووسانی کورد بە کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە راستەوخۆ چیرۆکی کوردی بەرەو ریالیزمی هەنگاو بنێ.

٣٢. باسی بگێرەوەی هەمان شتزان بکە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ بگێرەوەی کەمشتزاندا هەیە.

٣٣. ڕاستی و چەوتی ئەم ڕستانەی خوارەوە دەستنیشان بکە، پاشان چەوتەکانیش ڕاست بکەوە.

أ. بەشی ناوەڕاستی ڕووداوەکانی چیرۆک گرنگیەکی تایبەتی هەیە چونکە، دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر ڕابکێشێتە ناو چیرۆک و وای لێبکات لەگەڵ چیرۆکەکە بەردەوام بێت.

ب. لە مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ کارەکتەر لەگەڵ خۆی و سەبارەت بە خۆی قسەدەکات.

ت. ڕۆمانی (نازدار) یەکەم ڕۆمانی کوردییە کە لە ساڵی ١٩٣٥ چاپکراوە.

ث. لە دەیەی حەفتاکاندا پێشکەوتنێکی باش لە بواری ڕۆمانی کوردی وەدیهات و چەند دەقێکی باشی ڕۆمان بڵاوبوونەوە، لەوانە عەرەبی شەمۆ ڕۆمانی (بەربانگ)ی نووسی.

٣٤. باسی رۆمانی کوردی لە دەیەی هەشتاکاندا بکە.

٣٥. لە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی چیرۆکی کوردی باسی قۆناغی شەشەم بکە.

٣٦. باسی جۆرەکانی شوێن لە رووی بەکارهێنانەوە بکە.

٣٧. باسی جۆرەکانی شوێن لە رووی بوونەوە بکە.

٣٨. باسی جۆرەکانی شوێن لە رووی چەمکی هۆگریەوە بکە.

٣٩. چ جیاوازییەک لە نێوان کۆرتە چیرۆک و بروسکە چیرۆکدا هەیە؟

٤٠. لە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی چیرۆکی کوردی باسی قۆناغی سێیەم بکە.

مامۆستای بابەت:

روناک صلاح علی